مۆشێ یەعلون: لەبەرانبەر ئێران تەنیا سێ ساڵ دەرفەت ماوە

دەوڵەتی ئیسرائیل کە لە کاتەکانی رابـــردوودا هـــەردوو وێـــستگەی نـــاوەکـــی عێـــراق و ســـوریەی خـــاپوورکرد، ئێـستا لـــە هـــەوڵـــی شێلگیرانە دایە تا وێستگەی ناوەکی کۆماری ئیسلامی ئێران تێکبدات. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەیان رێی تاقی کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا ناکام ماوەتەوە. لە رۆژانی رابردوودا مۆشێ یەعلون، جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل راشکاوانە رایگەیاند کە دەبێ ئێمە دەست وبرد بکەین و سێ ساڵمان لەبەردەست ماوە، دەنا کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی بە چەکی ناوکی رادەگات.

قسەکانی مۆشێ یەعلون هێندە بە بایەخەوە وەرنەگیران، چونکە ژمارەیەک لە پسپۆران و شارەزایان لەو باوەڕەدان کە نەک ئیسرائیل بەتەنیا، بەڵکو ئەمریکاش بەتەنیا لە هێرشکردنە سەر ئێران سەرکەوتوو نابێ. ئەوان پێیانوایە کە کۆماری ئیسلامی لە رێی روسیاو کۆریاوە دەستی بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو گەیشتووە، توانای ئەوەی هەیە داکۆکی لە خۆی بکات و وێستگەکانی خۆی بپارێزێ.

ژەنەرالەکانی سوپای ئیسرائیل پێچەوانەی کارناس و شارەزایان پێیانوایە کە ئەوان لە هێرشکردنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران سەرکەوتوو دەبن ئەگەر بەتەنیاش ئەو هێرشە ئەنجام بدەن، ئەوان لەو باوەڕەدان کە تاران لە رژێمی سەدام و رژێمەکانی دیکەی عەرەبی بەهێزتر نیە، ئەو رژێمانەش زۆر بە ئاسانی لەبەرانبەر هێزەکانی ئیسرائیلدا بەچۆک داهاتوون، بەڵام پسپۆران و شارەزایانی بواری سەربازی لێکدانەوەکانی ژەنەرالەکانی ئیسرائیل پەسند ناکەن و پێیانوایە کە کورتی دەهێنن و دەڵێن کە هێزی وڵاتانی عەرەبی بەهیچ شێوەیەک بە هێزی کۆماری ئیسلامی ئێران بەراورد ناکرێ. کۆماری ئیسلامی ئێران هەم سوودی لە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا وەرگرتووە، هەمیش وەک هێزێکی شیعەگەرای ئیسلامی شیانی رۆحی بەرزترەو لە رووی باوەڕبوونیانیشەوە بە رۆژی قیامەت و زیندووبوونەوە زۆر سەرسەختانەتر شەر دەکەن و بەرگری لەخۆیان و رژێمەکەیان دەکەن.

مۆشێ یەعلون لە هەڤپەیڤێنێکی رادیۆی ئیسرائیلدا گوتبووی ئەگەر ئیسرائیل و هاوپەیمانانی لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا هێرش نەکەنە سەر وێستگەکانی ناوەکی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێران دەستی بە چەکی ناوەکی رادەگات. دەبێ بگوترێ کە تەنیا سێ ماڵ دەرفەتمان لەدەست دایە.

مۆشی یەعلون، کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە گەورەترین هەرەشەو مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندەکانی ئیسرائیل زانیوەو گوتویەتی لەوانەیە بۆ ئیسرائیل زەحمەت بێ کە بەتەنیا هێرش بکاتە سەر ئێران بۆیە باشترایە کە ئەمریکاو هاوپەیمانانی باوەڕیان پێبهێندرێ کە هەرچی زووترە خۆیان لەبەڵای چەکی ناوەکی کۆماری ئیسلامی ئێران رزگار بکەن، دەنا دواتر لە دەست دەردەچێ و هەموومان تێیدا زیانمەند دەبین!

یەعلون لەلایەکەوە نیگەرانی خۆی لەوە دەربریوە نەبادا ئێران دەستی بە چەکی ناوەکی رابگات، لەلایەکی دیکەشەوە گوتویەتی کە وێستگەکانی ناوەکی کۆماری ئیسلامی ئێران دووچاری کێشەو گرفتی تەکنیکی هاتوون و زەحمەتە لە ماوەیەکی کورتدا بتوانێ ئەو کێشەو گرفتانە چارەسەر بکات.

مۆشێ یەعلون کە پێشتر سەرفەرماندەیی سوپای ئیسرائیل بووە، گوتویەتی؛ ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا تەنیا دەوڵەتی ئیسرائیل چەکی ناوکی هەیە، بۆیە نابێ رێ بدات کە دەوڵەتێکی ناحەزی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی بەو چەکە رابگات، بۆیە دەبێ لە پێشوەختدا هێرشی بکاتەسەری و هەڵیبتەکێنێ.

لێدوانەکانی بەرپرسانی ئیسرائیلی لە ساڵانی رابردوودا جیهانی دووچاری تووشی شۆک کردبوو، ئەگەر بۆچوونەکانیان راست بایە، دەبوایە دەمێک بووایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران خاوەنی چەکی ئەتۆمی بوایە، لەو بەستێنەدا شارەزایانی بواری ناوەکی پێیانوایە کە هەرگیز تاران لە توانای دانیە کە چەکی ناوەکی بەرهەم بهێنێ، بەڵام خۆگیڤکردنەوەی ئیسرائیل و ئەمریکا سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران سوورتر دەکات و وایان لێدەکات کە بەدوای بەدەستهێنانی ئەو چەکە رابکەن و گرەوی لەسەر بکەن.

ئێستا هەر بەتەنیا دەوڵەتی ئیسرائیل نیە کە لە چەکی ناوەکی ئێران هەترەشی چووە، بەڵکو زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لە ژێرەوە کار بۆ ئەوە دەکەن کە ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی رانەگات، چونکە ئەوان بۆ خۆیان لەبەرانبەر خواستەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا هیچیان لەبارادانیە، تەنانەت کاتێک فرۆکە جەنگیەکانی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨١ هێرشیان کردە سەر وێستگەی چەکی ئەتۆمی عێراق، ئەوان بێدەنگیان هەڵبژارد، هەروەها کاتێک فرۆکەکانی ئیسرائیل پەلاماری وێستگەیێکی گوماناوی سوریەیان دا دیسانەوە قرقەپیان لێکردو دەنگیان لێوەنەهات، بۆیە ئەوان نایانەوێ کەوڵاتێکی گەورەی وەک ئێران لە ناوچەکەدا چەکی ناوەکی هەبێ، لەلایەکەوە لە رووبەرووبوونەوە دەترسن، لەلایەکی دیکەشەوە ئیرەیی پێدەبەن و پێیانوایە شەرمەزارێکی گەورەیە بۆ نەتەوەی عەرەب کە بیست و دوو دەوڵەتیان هەیەو بۆشیان نیە چەکی ئەتۆمیان هەبێ، بەڵام وڵاتانی وەک پاکستان، کۆریای باکوور، هیندستان چەکی ناوەکیان هەیە، ئەگەر ئێران دەستی بەو چەکە رابگات، لەوانەیە گەلانی عەرەب گوشار لە سەرانی خۆیان بکەن و ناچاریان بکەن لەو پیناوەدا هەنگاو هەڵبگرنەوە، بەڵام ئەوان چونکە زۆر بەتووندی بە ئەمریکاوە گرێدراون، ئیدی لەتوانایاندا نیە هێڵی سوور ببەزێنن.

بەڵگەکانی ویکیلیس ئاشکرایان کردوە کە کارناسانی بەریتانیا کاتی خۆی گومانیان لەوە هەبووە نەوەک ئیسرائیل لە دژی وڵاتانی عەرەبیدا چەکی ناوکی بەکار بهێنێ، بۆیە ئێستا لەدوای ئاشکرابوونی ئەو بەڵگەنامانە، رۆشنبیرانی نەتەوەی عەرەب ترسیان لێنیشتووەو پێیانوایە کە هەبوونی چەکی ناوکی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرژەوەندی وڵاتانی عەرەبی تەواو دەبێ، چونکە بە گریمانی زۆرەوە ئەگەر ئیسرائیل لەگەڵ ئێران بکەوێتە حاڵەتی شەڕەوە لە دژی یەکتر بەکاری دەهێنن، بەوهۆیەشەوە شەرەکە لە کۆڵ عەرەب دەبێتەوە.

سەرانی وڵاتانی عەرەبی و گەلانیان زۆر لە یەکترەوە دوورن، سەرانی وڵاتان تەنیا بیر لە کورسیەکانیان دەکەنەوە، بۆ مانەوە لەدەستەڵات بەتەواوی گوێرایەڵی ئەمریکا دەکەن، بەڵام رۆشنبیرانی عەرەب زیاتر بیر لە بەرژەوەندی گەلەکانیان دەکەنەوە، دەخوازن کە وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەتیش وڵاتانی گەورەی وەک ئەندەنوزیا، پاکستان و ئێران پشتیوانی لە داخوازی عەرەب و ئیسلامدا بکەن و لەکاتی تەنگانەدا داکۆکیان لێبکەن، بەڵام بەهۆی سیاسەتی سەرانی عەرەب ئەو هاوکاریکردنە بەدوور دەزاندرێ، ئەوەتا چونکە ئیسرائیل و ئەمریکا ناحەزیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، ئەوانیش هەمان قەوان لێدەدەن و پارسەنگی بۆ ئەوان دەگرن و دژایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن، ئیسرائیلیەکانیش زۆر باش ئەو راستیە دەزانن، بۆیە دەیانەوێ لەرێ سەرانی وڵاتانی عەرەبیەوە پێوەندی نێوان ئێران و حزبوڵڵاو حەماس تێکبدەن.

سەمیر عەبدوڵڵا

عێراق شوێنە مەترسیدارەکەی جیهان بەرەو کوێ؟

چەند مانگ لەمەوبەر پەیمانگەی ئابووری و ئاشتی جیهان کە بارەگەی سەرەکی لە شاری سدنی وڵاتی ئوسترالیادایە، عێراقی بە مەترسیدارترین شوێنی رووی زەوی دانابوو. ئەو پەیمانگەیەش پێوەری خۆی تایبەتی خۆی بۆ ئاشتی و ئارامی وڵاتان هەیە، کە بۆ بیست و سێ خاڵ چڕکراوەتەوە، کەچی بەهۆی لێکۆڵینەوەیەک بۆیان ساغ ببووە کە عێراق مەرترسیدارترین وڵاتی جیهانە، چونکە ئاسایشی تێدانیە، بە سەدان هەزار خەڵکی تێدا دەکوژرێ، هێزەکانی ناوەخۆ توانای پاراستنی خەڵکیان نیەو باکیشیان بە کوشتنی خەڵکی سڤیل و لاشەڕ نیە، خەڵکی عێراق لە گیانی خۆی بێزارە بۆیە باکی بە نیشتمانەکەی نیەو بەرەو هەندەران رادەکات. لە حەوت ساڵی رابردوودا زیاتر لە سێ ملیۆن عێراقی بەمەبەسی دەربازکردنی گیانی خۆیان رووویان لەوڵاتانی دراوسێ کردوە، لەوێشەوە هەوڵیانداوە خۆیان بەوڵاتانی ئەورووپا بگەیەنن. گەندەڵی سەرتاپای دامەزراوەکانی گرتۆتەوە، وەزیرو جێگرەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان تێوەی گلاون، ئەندامی پەرلەمان بە دەستهەبوون لەگەڵ تیرۆریستان تۆمەتبار دەکرێ. لێپرسینەوەو چاودێری رووکەشەو بەرپرسان زۆر بە ئاسانی دەتوانن لە دەستیان دەربازیان ببێ و خۆیان بێتاوان پێشان بدەن.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ئەو لێکۆڵینەوەیە، دەبێ بزانین کە ئایا عێراق لە مەترسیدارترین شوێنی جیهانەوە بەرەوکوێ هەنگاوی هەڵێناوەتەوە؟!

هێزە براوەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردنی مانگی ئازار لە مانگی دیسێمبەردا رێککەوتن و کابینەی حکومەتیان پێکهێنا، بەڵام هێشتا تەواوی وەزارەتەکان پڕنەکراونەتەوە، هێشتا وەزارەتە گرنگەکانی وەک ناوەخۆو بەرگری نێخاوەنن.

دیارە زۆربەی جاران بەرپرسانی عێراق لێکۆڵەران بەلاگیری لەوڵاتانی دراوسێ و نۆکەرانی بێگانە دادەنێن، بەڵام ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەکەی پەیمانگەی ئابووری و ئاشتی جیهانیان ئەنجام دابوو، خەڵکانی عەرەب و عێراقی و ئێرانی نەبوون، بەڵکو تەکنۆکرات وبیانی بوون، واتە مەیلیان بەلای ئێران و تورکیاو وڵاتانی دیکەوە نەبووە، هەروەها بە عێراقیشەوە تایبەتمەند نەکرابوون و کارەکەیان بۆ نێودەوڵەتی بووە و لەرەوشی زیاتر لە ١٥وڵاتیان کۆڵیبۆوە، ئەوسا بەو ئاکامە گەیشتبوون کە عێراق شوێنێکی ترسناکەو بۆ ژیان دەستنادات و پێویستی بە چاکسازی ئابووری، سیاسی، سەربازی، ئاسایشی و بەڕێوەبردن هەیە. ئەو لێکۆڵینەوەیە بەو ئاکامە گەیشتبوو کە نیوزلاند جێگیرترین و ئارامترین شوێنی جیهان و عێراقیش ئارام و ترسناکترین شوێنی جیهانیان مسۆگەر کردوە.

ئێمە کە خزمان خەڵکی ئەم وڵاتەین و رەوشەکەش بە چاوی خۆمان دەبینین و لە نزیکەوەش هەست بە کارەساتەکان دەکەین، نەک هەر لێکۆڵینەوەکەی پەیمانگەی ئابووری و ئاشتی جیهان بە راست دەزانین، بەڵکو پێمانوایە کە هێشتا زانیاری تەواویشیان نەبووەو وردەکاری پێویستیان لەبەردەست دانەبووە، دەنا بە شێوەیەکی دیکە باسیان دەکرد.

عێراق وڵاتێکە لەلایەن بێگانەوە دامەزراوە، لەکاتی دامەزراندنیدا پرس بەو گەلانە نەکراوە کە لە چوارچێوەی عێراقدا کۆکراونەتەوە، ئێستاش هاوپەیمانێتی تایفی و بەرژەوەندخوازی تێیدا حوکم دەکات، هەر بەوهۆیەشە کە هیچ تایفەو هێزێک ناتوانێ بەتەنیا تێیدا بالادەست بێ و بەرژەوەندەکانی خۆی بپارێزێ. بەوهۆیەشەوە رەوشی ئاسایش و هێمنایەتی رۆژ دوای رۆژ بەرەو خراپی دەچێ، هەرکاتێک لەراگەیاندنەکاندا باس لە باشبوونی رەوشی ئاسایش بکرێ، ئیدی کاروانی تەقینەوەکان و کوشتنی خەڵکی سڤیل و لاشەڕ پەڕەدەسێنێ و شوێنە گشتیەکان لەکاتێدایە کە سەرژمێری گشتی هیچ پۆست و بەرپرسیارێتی مسۆگەر ناکات.

خەڵکی عێراق زۆر بەتاسەوە پێشوازی لەو بانگەوازانە کرد کە باسیان لە دیموکراتیزەکردنی وڵات و خوڵقاندنی زەمینەی ئازادی رادەربڕین و راگەیاندن دەکرد، بەڵام ئێستا نەک هەنگاو هەڵنەگیراوەتەوە، بەڵکو هیزەکان خۆیان باکیان بە دیموکراسی نیەو بیر لە دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن ناکەنەوە، بەڵکو هەر هەموویان داوای پۆست و پشکی خۆیان دەکەن و حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی بەباش و رەوا دادەنێن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو شێوازە گیانی دیموکراسی دەکوژێ و بواری کێبەرکێ و رکابەری ئاشتیانە ناهێڵێتەوە. بەرپرسانی عێراقی لەلای بیانییان یەکتر دەشکێنن و یەکتر سوک و ریسوا دەکەن، لەبەرانبەر یەکتریشدا باوەش بەیەکتر دەکەن و پەسنی یەکتر دەکەن، ئەو شێوازەش گیانی برایەتی دەکوژی و متمانە و باوەڕبوون دەسڕیتەوە.

ئێستا وەک دەبینین بەرپرسارێتی وێستگەی دەوڵەمەندبوون و کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی بێژمارە. ئەگەر بەرپرسانی وڵاتانی گەندەڵی دیکەی جیهان بتوانن لە ماوەی چوار ساڵی دەستەڵاتدا شتێک وەدەستبهێنن، ئەوە بەرپرسانی عێراق لەماوەی چەند هەفتەیەکدا سەد بەرابەر ئەوانیان دەست دەکەوێ.

ئەگەر پۆل بریمەر لە ماوەی دەستەڵاتەکەیدا هەشت ملیار دۆلاری لوشکردبێ، بەڵام قازی موسا فەرەج جێگری سەرۆکی دەستەی نەزاهە ئاشکرای کردوە کە لە دوای روخانی بەعس تا ئێستا ٢٥٠ بلیۆن دۆلار بەهۆی گەندەڵی بەڕێوەبردنەوە دیارنەماوە، بەهای ٤ بلیۆن دۆلاریش نەوتی خاو بەقاچاغ رەوانەی دەرەوە کراوە.

ئێستا لە عێراقدا شاڵاوی کریستیان کوشتن بەشێوەیەکی ترسناک بەلووتکەی خۆی گەیشتووە، تەنیا بەهۆی ئایینەکەیانەوە دەکوژرێن و راودەنرێن و شار بەدەر دەکرێن، بەگوێرەی سەرچاوەکان ٤٠٠٠ مرۆڤی سڤیل لە ساڵی ٢٠١٠ دا کوژراون و دەیان هەزاری دیکەش ئاوارە بوونە.

ئێستا وڵاتانی دراوسێی عێراق زۆر شێلگیرانە بۆ مسۆگەرکردنی پشکی خۆیان لەسامانی نەتەوەیی عێراق هەڵپەدەکەن و خەریکی بەهێزکردنی پێگەو نفوزی خۆیانن و لە رێی هیزەکانی عێراقیەوە کێشەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر کۆپاک دەکەن.

لەڕوانگەی ئەو سەر دێڕانەوە دەکرێ بگوترێ کە عێراق بەرەو چ مەنزلگەو چارەنووسێک هەنگاو هەڵدەگرێتەوەو لەکوێ دەگیرسێتەوە؟

سابیر محەمەد

> بەرپرسانی عێراقی لەلای بیانییان ئیسقانی یەکتر دەشکێنن و یەکتر سوک و ریسوا دەکەن، لەبەرانبەر یەکتریشدا باوەش بەیەکتر دەکەن و پەسنی یەکتر دەکەن، ئەو شێوازەش گیانی برایەتی دەکوژی و متمانە و باوەڕبوون دەسڕیتەوە